# بەرژەوەندیی گشتی
# لەسەروو هەر بەرژەوەندییەکی ترەوەیە

ئەگەر هاتوو ڕۆژێک ناکۆکی کەوتە نێوان دوان یان سیان لە تاکەکانی خێزانەکەتەوە،
ئەو کاتە تۆ لایەنگیریی چ لایەک دەکەیتو دژی چ لایەک ڕادەوەستیت؟

پێموایە وەڵامی دروستی ئەو پرسیارە ئەوەیە کە لایەنگیریی هیچ لایەک نەبیت، چونکە کرۆکی مەسەلەکە ئەوەیە کە پێویستە گرفتی وەها ڕوونەدات کە دەبێتە هۆی لێکترازانی شیرازەی خێزانو بەشێکی لە دژی بەشەکەی تری نەوەستێتەوەو بە دوای بەهانە و بەڵگەدا نەگەڕێت بۆ سەلماندنی ڕاستیی هەڵوێستی خۆی وچەوتی هەڵوێستی ئەوانی تر، بەڵکو دەبێت کاربکەیت بۆ بەرپاکردنی گفتوگۆو دانوستاندن لەنێوان هەردوولادا، بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە، بەو پێیەی بەرژەوەندیی گشتی لەسەروو هەر بەرژەوەندییەکی ترەوەیـــە.

پێویستە هەمان هەڵوێستت هەبێت، کاتێک دەچیتە قوتابخانە، شوێنی یاریکردن و وەرزشکردنو ئەوە بۆ هەموو لایەک ڕوونبکەیتەوە، کەناکۆکی ناو گروپێک ، تیپێک و میللەتێک دەبێتە هۆی نا ئارامی و ناسەقامگیریو چارەسەرکردنی هەرگرفتێکیش گەرەکە لە بەرژەوەندی گشتیدا بێت نەک بەرژەوەندیی تاکە کەسی ئەمەش مانای ئەوە نییە تۆ خاوەن بیروڕای خۆت نیت، بەڵکو مانای ئەوەیە بیروڕای خۆت بەکاردێنی بۆ لێک تێگەیشتن و نزیکبونەوەی ئەوانەی ناکۆکن بە یەکتری، جا ئەوە لەناو خێزاندا بێـــت، یان قوتابخانە، تیپی وەرزشکردنو گروپی کاتی دەستبەتاڵی.